ڕاپۆرتی دووسانەی دەستپێک، لە شۆڕشی ڕیفۆرمی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

کاروانی ڕیفۆرم کەوتە ڕێ

لەسەر نەخشەڕێگایەک بەرەو کوالیتی

لە 1 تشرینی دووەمی 2009 هەتا 15ی ئەیلولی 2011

Ministry of Higher Education & Scientific Researc
2006
KRG Irac

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

15765

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ناوەرۆک

(i) پەیام و پێشەکی 8
(ii) تەوەرەکانی ڕیفۆرم 13

(A) تەوەری یەکەم: داهێنانی دڵنیایی جۆری و ڕیفۆرمی پڕۆسەی خوێندن 23
(A1) سیستەمێکی نوێ بۆ دڵنیایی جۆریی لە خوێندن 25
(A2) پەرەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن 29

(B) تەوەری دووەم: گرنگی دان بە پێشکەوتنی ماموّستایان 34
(B1) پڕۆسەی زانستخوازی بەردەوام 35
(B2) ناردنە دەرەوەی ماموّستایان بە سەباتیکەڵ 39
(B3) بەرز کردنەوەی پلەی ماموّستایان 41
(B4) داهێنانی پلەی پڕۆفیسۆری هاوبەش 45

(C) تەوەری سێیەم؛ گۆڕانکاری لە سیستەمی وەرگرتنی قوتابیان 47
(C1) پڕۆژەی زانکۆلاین و بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی وەرگرتن 49
(C2) داهێنانی سیستەمی خوێندنی پاڕاڵێل 51

(D) تەوەری چوارەم: جۆشدانی توێژینەوە و بەستنەوەی زانایانی هەرێم بە جیهانی دەرەوە 56
(D1) داهێنانی سیستەمێکی نوێ بۆ خوێندنی دکتۆرا 59
(D2) دواپۆلّی خوێندکارانی دکتۆرای سەر بە سیستەمی کۆن 63
(D3) هەوڵەکانی وەزارەت بۆ بەستنەوەی دەزگاکانی خوێندنی باڵای هەرێم بە هاوتا دەرەکانیانەوە 64

(E) تەوەری پێنجەم: وەبەرهێنان لە ژێرخان و توانا مرۆییەکانی خوێندنی باڵا 71
(E1) دامەزراندنی چوار زانکۆی نوێ 75
(E2) بەرنامەی تواناسازی مرۆیی هەرێم 82
(E3) هاوکاری سکۆڵەرە نێردراوەکانی پێشتر 89
(E4) ناردنی زانستخوازان لە دەرەوەی بەرنامەی تواناسازی 90
(E5) بابەتی تەمەن لە خوێندنی ماستەر و دکتۆرا 91

(F) تەوەری شەشەم: داڕێژتنەوەی سیستەمی خوێندنی باڵا: ڕیفۆرمی پەیکەر و هەموار کردنی یاسا 92
(F1) پڕۆژەیاسایەک خوێندنی باڵا 95
(F2) میکانیزمی سەربەخۆکردنی زانکۆکان لە پڕۆژەیاساکەدا 98
(F3) ڕیفۆرمی پەیکەری کارگێڕی زانکۆ لە چوارچێوەی یاسای کارپێکراودا 101
(F4) ڕیفۆرمی خوێندنی تەکنیکی 113

(G) تەوەری حەفتەم: داهێنانی سیستەمێک بۆ هەڵسەنگاندن و متمانە بەخشین بە زانکۆکان 117
(G1) کێشەکانی کردنەوەی زانکۆ 118
(G2) مۆڵەتدان و متمانەبەخشین 120
(G3) دڵنیایی جۆری لە زانکۆ ئەهلیەکان 123
(G4) بەدواداچوونی زانکۆ ئەهلیەکان لە ساڵی 2011 124

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

(H) تەوەری هەشتەم: ئەنجومەنی کوردستان بو پسپورایەتیە پزیشکیەکان 129
(H1) تەخشەڕێگای ڕاهێنانی کلینیکی لە بوارە پسپۆڕیەکان 130
(H2) ڕێنماییەکانی ڕاهێنانی کلینیکی و دڵنیایی جۆری 133
(H3) ڕۆڵی تری بۆردی کوردستانی لە سیستەمی تەندروستیدا 137
(H4) پرۆژەیاسای بۆردی کوردستانی 138

(I) تەوەری نۆهەم: حکومەتی ئەلیکترۆنی و کارئاسانکردنی هاوڵاتیان 139
(I1) کارا کردنی پەیوەندی ئەلەکترۆنی (ئیمەیل) 140
(I2) گەیاندنی زانیاری لە ڕێگەی ماڵپەری وەزارەت 142
(I3) چالاک کردنی پرۆسەی یەکسانکردنی بڕوانامەکان 144

(J) تەوەری دەیەم: پاراستنی مافی مرۆڤ و دادوەری کۆمەڵایەتی 148
(J1) دادوەری کۆمەڵایەتی لە پرۆسەی دامەزراندن و گواستنەوەی ڕاژە 149
(J2) دامێنانی سیستەمی تەندروستی و سەلامەتی 150

(P1–8) پاشکۆی ڕاپۆرت: 156
(P1) ڕوانگەیەک بۆ ئایندەی سیستەمی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی 158
(P2) سیستەمی نوێی دڵنیایی جۆریی لە خوێندنی باڵا 164
(P3) پرۆسەی زانستخوازیی بەردەوام 180
(P4) تعليمات الترقيات العلمية في الجامعات وهيئة التعليم التقني في اقليم كوردستان 196
(P5) پرۆژەی زانکۆلاین و بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی وەرگرتن 211
(P6) ڕیفۆرمی خوێندنی دکتۆرا لە هەرێمی کوردستان و ڕێنماییە نوێیەکان 218
(P7) ڕێنمایی و مەرجەکانی بەرنامەی تواناسازی مرۆیی هەرێم 228
(P8) مشروع قانون التعليم العالي والبحث العلمي لإقليم كوردستان العراق 234
(P9) مشروع قانون المجلس الكوردستاني للإختصاصات الطبية 280

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پەیام و پێشەکی

پرۆفیسۆر دلاوەر عبدالعزیز علاءالدین
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

مایەی شـــانازی هەمووانە کە ئیمرۆ خەڵکی هەرێمی کوردســـتان بڕیاری چارەنوسی کەوتۆتە دەست خۆی و چاوی لە بونیادنانی وڵاتێکی سەرفرازە.

نـــەو نەرك و بەرپرســـیارێتیەش لە ئەســـتۆی هەمـــوو هاوڵاتیەکی دڵســـۆزە. بەڵام بەرپرسیارێتی ئامادە کردنی پێشڕەوە پیشەییەکان و داڕژتنی بەردەبناغەی دامەزراوەکانی هەرێم لە ئەستۆی سەرکردە ئەکادیمیەکانە

ئەمڕۆ ئیە کە هەرێمی کوردستان سیستەمێکی خوێندنی باڵای ناڵۆز و دواکەوتووی لە عیراقی کۆن بۆ ماوەتەوە، سیستەمێك کە لە بنەڕەتەوە بۆ وڵاتێکی داخراوی ڕۆژهەڵاتی دروستکراوە و لەگەڵ سەردەمی دیموکراسیەت و گلۆبەلیزە و کێبڕکێی جیهانیدا هەماهەنگ نیە. ســـەرکردە سیاسیەکان دەمێکە هەســـتیان بەو ڕاستیە کردووە کە بونیادنانی بنەمانی وڵاتێکی ســـەرفراز و سەردەمیانە و پێشـــکەوتنخواز لە بونیادنانی سیستەمێکی کارای خوێندنی باڵاوە دەســـت پێ دەکات، سیستەمێك کە بتوانی کادری پیشەمەندی پێشەنگ و پێشـــڕەو بۆ بازاڕی کار پەیدا بکات و بە هۆیەوە دەزگاکانی کەرتی گشـــتی و کەرتی تایبەت بوورۆژێنەوە و گەشـــەیان پێ بدات و پێشـــیان بخات. سەرکردە ئەکادیمیەکانیش دەمێکە زانیویانە کە بەبێ دەســـتکاریکردن و ڕیفۆرمی ڕیشەیی لە سیستەمی خوێندنی باڵای هەرێمدا، مەحاڵە نەو سیســـتەمە بتوانێ بەو ڕۆڵە پیرۆز و چاوەڕوانکراوە هەڵبستێ و پێشوازی لە نایندە بکات و بە متمانەوە بچێتە سەر شانۆی پێشبڕکێ کردن لە ناستێکی نێودەوڵەتیـــدا. بـــەڵام دیارە کە تا نەو دواییە بواری ڕیفۆرم و ســـەرلەنوێ داڕێژتنەوەی سیســـتەمی خوێندنی باڵا لەبار نەبوو و نەو نەرکە مێژوویە کەوتە ئەســـتۆی کابینەی شەشەمی حکومەت.

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ڕوانگەیەکی دووربین و ستراتیژیەتیکی درێژخایەن

کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم لە 28 ی کانونی یەکەمی ساڵی 2009 دەستبەکار بوو، و هەر لە سەرەتاوە، مەسەلەی ڕیفۆرمی سیستەمی خوێندنی بااڵ وەک یەکێك لە ئەولەویەتە هەرە بەرزەکانی ئەو کابینەیە ڕاگەیاندرا.

لە 8 ی تشرینی دووەمی 2009، وەزارەتمان، وەزارەتی خوێندنی بااڵ و توێژینەوەی زانستی، ڕوانگەیەکی دووربین و ستراتیژیەتیکی نوێی خستە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران، کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 7 ی کانونی یەکەمی 2009 دا بە کۆی دەنگی ئەنجومەنی وەزیران پەسەند کرا (درێژەکەی لە پاشکۆی P1 دایە). چەقی ئەو ڕوانگە و ستراتیژیەتە بریتی بوون لە بەرزکردنەوەی ئاستی کوااڵیتی لە سەرجەم الیەنەکانی سیستەم. واتە کوااڵیتی لە خوێندن و توێژینەوە و بەڕێوەبردن و کارکردن و پەیوەندی کردن و دەوروبەر و هتد. ئامانجەکانی ئەو ستراتیژیەتە کرانە هەوێنی پالن و ئەخشەڕێگایەکی درێژخایەن، بۆ دیاری کردنی ڕێڕەوی کاروانێك کە لە چەندین تەوەرەوە بەرەو لوتکە بکەوێتە ڕێ.

بەو پێیە هەر لە مانگی تشرینی دووەمی 2009 وە پڕۆسەی ڕیفۆرمی ڕیشەیی دەستی پێ کرد و کاروانی پێشکەوتن خرایە سەر ئەخشەڕێگاکەی. لەوکاتەوە دوو ساڵی خوێندن تێپەڕی، کە بە الی چاودێرانەوە بە قۆناخی یەکەمی کاروانی چاکسازی و گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستەمی خوێندنی بااڵ لەقەلەم دەدرێ. وە بە دەستپێکی ڕەوتی بونیادنان و گەشە پێدانی سیستەم ڕوو بەرەو لوتکە دەژمێردرێت، و وا لە کابینەکانی نایندە چاوەڕوان دەکرێ کە کاروانەکە بەردەوامێتی پێ بدرێت.

تەوەرەکانی ڕیفۆرم

گۆڕانکاری و چاکسازی لە سیستەمێکی نااڵۆز و هەستیاری وەک خوێندنی بااڵ پێویستی بە تێڕوانین و پالندانانی زانستیانە هەیە. پێویستی بە بیرکردنەوەی سیستەمیانە و تەنسیقی هەنگاوەکان هەیە بەجۆرێك کە هیچ دەستکاری کردن و گۆڕانکاریەك لە سیستەمی کۆن نەبێتە هۆی نااڵۆز کردنی پڕۆسەکە وەیان شلەژانی ڕەوتی خوێندن و فەشەل پێهێنانی گۆڕانکاریە هاوتەریبەکان. بۆیەش، لە سەرەتاوە، ئەسپەکانی ڕیفۆرم لە چەندین تەوەرەوە و بە ناراستەی هەمان ئامانج بەاڵم لە کاتوساتی جیا و شێوازی جیاواز تاو دران. دیارە کە پایز و زستانی ساڵی ئەکادیمی 2010-2009 بە ساڵی چاوپێخشاندنەوەی سیستەم دادەنرا بۆ ساڵی 2011-2010 بووە ساڵی پیادە کردنی ڕیفۆرم و پەیدا کردنی جۆرە ئەزموونێك کە ببووە بنەما بۆ تێڕوانین و پێشبینی کردن لە دواڕۆژی سیستەم.

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پڕۆسەی ڕیفۆرم پڕۆسەیەکی زیندوو و دینامیکیە و لە نیستا و ئایندەدا هەموو تەوەرێکی قابیلی دەوڵەمەند کردنە بە دیالۆگ، و قابیلی پێداچوونەوەی بەردەوامە بۆ خاتری چاکتر کردن و گۆڕانکاری نوێتر، بە تایبەتی لەدوای کەڵەکە بوونی نەزموون. واش چاوەڕوان دەکرێ کە بە هیممەتی خەڵکانی پەیوەندیدار و تێبینی و فیدباکی خوێندکار و مامۆستا و فەرمانبەران بۆ نەو پڕۆسەیە هەتا دەیان ساڵی تر بەردەوام بێ.

تەوەرە سەرەکیەکانی ڕیفۆرم بریتین لە:

یەکەم: داهێنانی دڵنیایی جۆری و ڕیفۆرمی پڕۆسەی خوێندن.
دووەم: گرنگی دان بە پێشکەوتنی مامۆستایان.
سێیەم: گۆڕانکاری لە سیستەمی وەرگرتنی قوتابیان.
چوارەم: جۆشدانی توێژینەوە و بەستنەوەی زانایانی هەرێم بە جیهانی دەرەوە.
پێنجەم: وەبەرهێنان لە ژێرخان و توانا مرۆییەکانی خوێندنی باڵا.
شەشەم: گۆڕانکاری لە پەیکەری کارگێڕی زانکۆ و دەستەکان.
حەفتەم: داهێنانی سیستەمێك بۆ هەڵسەنگاندن و متمانە بەخشین بە زانکۆکان.
هەشتەم: نەنجومەنی کوردستان بو پسپورایەتیە پزیشکیەکان.
نۆهەم: حکومەتی نەلیکترۆنی و کارناسانکردنی هاوڵاتیان.
دەیەم: پاراستنی مافی مرۆڤ و دادوەری کۆمەڵایەتی.

بەردەوام بوونی کاروانی ڕیفۆرم

بێگومان نەنجامدانی ڕیفۆرمی بنەڕەتی لە هیچ وڵات و سیستەمێکدا و لە هیچ کاتوساتێ و سەردەمێکدا کارێکی ئاسان نەبووە و نابێ، بۆیە دیاردەیەکی ئاساییە کە لە کاتی بەرێکردنی کاروانی ڕیفۆرمدا سەرجەم نەسپەکان لە تەوەرە جیاکاندا بە هەمان خێرایی تاو نادرێن. لە چەندین پەنا و کەلەبەردا لەمپەر و بەربەستی ڕێگر دێنە بەردەم. ئیتر جێگەی سەرسوڕمان نیە کە لە مەودای دوو ساڵی ڕابوردوودا لە چەندین لاوە و لە ناوەوە و دەرەوەی دەزگاکاندا بەرهەلستی پڕۆسەی ڕیفۆرم کراوە، بەڵام مایەی خۆشحاڵیە کە لە دەرەنجامدا و بە هیممەتی پێشڕەوە نەکادیمیە ڕیفۆرمخوازەکان کاروانەکە لە سەر نەخشەڕێگاکەدا بەردەوام بووە قۆناخی میژوویی بڕیوە، و لە ئایندەشدا بە دڵنیاییەوە ڕووی کاروان هەر بەرەو پێشەوە دەبێ.

شایانی باسە کە نەو کاروانە هەر لە سەرەتاوە بە پاڵپشتێتی بێ سنووری جەنابی سەرۆکی هەرێم و نەندامانی نەنجومەنی وەزیران، بە تایبەتی جەنابی سەرۆکی حکومەت،

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

به خیرایی کەوتە ڕێ و بەبێ هاندانی نەو بەڕێزانە و هاوکاری و بەشداریی چالاکانەی پەرلەمانتاران و پێشڕەوە نەکادیمی و کارگێڕیەکان، بە تایبەتی نەندامانی نەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، مەحاڵ بوو نەو قۆناخە گرنگ و میژووییانە ببڕدرێت. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەی ون لە نێو مامۆستایان و فەرمانبەر و بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرانی تری ناوەندی وەزارەت و دەرەوەیدا هەبوونە کە نەرک و ماندووبوون و شەونخونیان بووەتە مایەی سەرخستنی پڕۆژەکان. نەوانە بە شێوازی جیاواز و بە لەخۆبووردەیی و بەبێ چاوەڕوانکردنی پاداشت ڕۆڵی میژووییان بینیوە. لێرەدا سوپاسی بێ پایانی خۆم ئاراستەی سەرجەم نەو بەڕێزانە دەکەم و دڵنیام کە ڕۆڵی پیرۆزیان بەفیڕۆ ناچێ. هیوای هەموو لایەکمان نەوەیە کە ڕەوتی ڕیفۆرم لە پێشکەوتن نەوەستێ و نەوەکانی نایندە زەمانەتی بەردەوام بوونی بگرنە نەستۆ.

15/9/2011



Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library